# بۆچی نووسینی دەستوری کوردستان هەڵەیە؟

## بەختیار کەریم

بڕیارە لە چەند ڕۆژی داهاتوودا کاری نووسینی دەستوری کوردستان تەواو بکرێت. ئێمە لێرەدا تەنها تیشک دەخەینە سەر لایەنێکی زۆر گرنگ و پشتگوێخراو، کە جێگەی سەرسامییە تا هەنووکە و تا ئەو جێگەیەی ئێمە ئاگاداربین هیچی لەسەر نەگووتراوە. سەرەتا ئێمە دەپرسین، وەلێ ئومێدمان نییە کەس وەلاممان بداتەوە. ئایا بڕیارە ئەو دەستورە بۆ ئەو سێ پارێزگایە بێت کە ئێستا هەرێمی کوردستان پێکدەهێنن، یان بۆ هەموو ئەو ناوچانە بێت کە بەشێکن لە کوردستان، مەبەستمان کەرکوک و ناوچە دابڕاوەکانی دیکەیە؟ ئەگەر بڕیارە ئەو دەستورە بۆ ئەو سێ پارێزگایە بێت، ئایا ئەمە ئاماژە نییە بۆ بێئومێدیی سەرانی حیزبە کوردییەکان لە گەڕانەوەی ئەو ناوچانە؟ ئەگەریش بڕیارە بۆ ئەو ناوچانەش بێت، چۆن دەستور بەر لە گەڕانەوەی ئەو ناوچانە دەنووسرێت کە فروانترین و گرنگترین ناوچەی کوردستان پێکدەهێنن، لە هەموو ڕووەکانی سیاسیی، دیمۆگرافی و جیۆگرافیەوە؟

بڕیارە لەپاش نووسینی ئەو دەستورە ڕیفراندۆمێکی جەماوەریی لەسەر بکرێت، کە لە ڕووی پراکتیکەوە مەحاڵە هەمان ڕیفراندۆم لە کەرکوک و ئەو ناوچانە بکرێت لەسەر دەستورەکە، ئەمە سەرەڕای لایەنە یاساییەکەی کە ڕێگە نادرێت دانیشتوانی ئەو ناوچانە بەشداربن لەو ڕیفراندۆمەدا. ئەگەر ئەو ناوچانە هیچ بڕیار و گووتنێکیان نەبێت لە نووسینی دەستورێکدا کە دواتر دەبێتە یاسای سەرەکیی بۆ بەڕێوەبردنی ئەو هەرێمەی کە ئەوان دەبنە بەشێکی، ئایا ئەمە کەمتەرخەمیی و بێباکی نییە بەرامبەر بە دانیشتوانی ئەو ناوچانە، هاوکاتیش کەمکردنەوە نییە لە شەرعیەت و جەماوەریتیی ئەو دەستورە لە ئاییندەدا؟

سوپاسگوزار دەبین ئەگەر کەسێک لۆجیکی پشت ئەم نووسینە بەپەلەیەی دەستوری هەرێمی کوردستانمان بۆ ڕوون بکاتەوە. بەڵام بە بڕوای ئێمە هیچ پاساوێک نییە بۆ چاوەڕانەکردن تا کاتی گەڕانەوەی ئەو ناوچانە، کە دەبنە سەرەکییترین و کاریگەرترین ناوچە لە هەرێمی کوردستاندا. هیچ شتێکیش دانیشتوانی ئەو ناوچانە قایل ناکات لەژێر یاسا و ڕێسای دەستورێکدا بژین کە بەزۆر دەسەپێنرێت بە سەریاندا. بەبڕوای ئێمە دواخستنی نووسینەوەی ئەو دەستورە، یان بەردەوامیی کارکردن لەسەری تا کاتی گەڕانەوەی ئەو ناوچە دابڕاوانە، شتێکی زۆر باشترە لە بێبەشکردنی دانیشتوانی ئەو ناوچانە لە پرۆسەی دەنگداندا لەسەر ئەو دەستورە. لەهەموو شتێک گرنگتر ئەوەیە کە لەبیرمان نەچێت مۆزایکی ڕاستەقینەی هەرێمی کوردستان لەو ناوچانەدا ڕەنگیداوەتەوە، هەر ئەو ناوچانەش فاکتەری یەکێتی یان لەبەرهەڵیەکوەشانی هەرێمی کوردستان دەبن.

تکامان وایە ئەگەر ئێمە کەوتوینەتە هەڵەوە ڕاستمان بکەنەوە، ئەگەر نا ئەوا ڕەوایە لەپێناو ئاییندەیەکی پڕ لە ئاشتیدا لەنێوان پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستاندا، هەوڵ بدرێت پرۆسەی نووسینەوەی دەستور دوابخرێت بۆ کاتێک کە دانیشتوانی فرەڕەنگی ئەو ناوچانەش شانسی بەشدارییکردنیان دەبێت لە نووسین و دەنگداندا لەسەر ئەو دەستورە.

06/06/13

ئۆکسفۆرد/ئینگلاند